
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:24 10-10-2006

# ئەو کەهەمیشەچاوەڕوانی دەکەم ... ئەڤین ئاسۆ



مردن
تۆ موسافیرێکی درەنگ وەختیت
عەیامێکەخۆم و تەنهای چاوەڕوانت دەکەین
ترست لەچی هەیە؟؟؟
لێرەتاریکستانەکەس ناتبینێ
شەرم لەچی دەکەیت؟؟
بەئەسپای لەدەرگای ژوورەکەم بدەو
وەرەژوورێ
شەوان پێکەوەمەی دەنۆشین و
سیگار دەکێشین
مردن
وەرەبۆ هەتایەبەختەوەرت دەکەم
شەوانەپێکەوەلەناو پێخەفەکەمدا دەخەوین و
گۆرانی ژیانت بۆ دەڵێم
تا تۆش وەک من لەچاوەڕوانی مردندا
کڕنوش بۆ مردن نەبەیت
مردن
تۆ زۆر جوانیت بەو هەموو ڕاستیەوە
بەتەنها من تێدەکەم
وا ساڵانێکەغەریبیت دەکەم و
تۆ نایەیت...
تۆ دڵێکت هەیەلەبەردو
جەستەت لەئاگر
هەر نەهاتی بەمیوانیم
مردن...
ئەی موسافیری ڕێگەدوور
مردم ئەوەندەم چاوەڕوانی تۆ کرد...